با ئەجارەش هەتان بکەم!..
عەبدولڕەحمان فەرهادی

ئەمڕۆ بیرم لە سیاسەت و حوکمڕانیی ژنەمە داپلۆسێنەرەکان دەکردەوە، دووری ئەدەب و هونەر، خیانەم بە خونەژیی حوکمڕانانی وڵاتان دەیشت، من زۆرتر لەبارەی (زمان و ئەدەب) دەنووسم، کە پسپۆریی خیشم نییە، وەلێ ئەم حەز و خولیا و عیشقەم بە زمانی کوردی، لە منداڵییەوە لەم جیا نەبووەتەوە، کەسیش لە خەم بە عاشقتری زمان و ئەدەبی کوردی نازانم. زۆر جار لەبارەی زمان نووسیومە، هەموومان دەنیاین زمان بوونەوەرێکی زیندووە و بەردەوام لە گۆڕان دایە، وشە هەن سەرهەڵدەدەن و هەن ماوەیەك دەمرن، کەچی دواتر زیندوو دەبنەوە، هەروەها وشە هەن تا هەتایە دەمرن و ناگەڕێنەوە بواری وەرد و نووسین. گۆڕانکارییە زانستی و تەکنەلۆجییەکان کاریگەریی گەورەیان بەسەر زمانانەوە بووە! ئەگەر زیندەگیی هەبێت، هیچ شتەك لە سروشت چەسپاو و نەگۆڕ نامێنێت.
لێرەدا دەمەوێ لە حوکمڕانانی وڵاتان بدوێم، حوکمڕانییش گۆڕانی بەسەردا دێت، دەستەاتدارە ملهوڕەکان چەندە لە حوکم بەردەوام بن، دواجار هەر دەبە ژێڕی دواییان بگات و خەڵك گۆڕانکاری ببینن و لە دەست جەور و ستەم ڕزگاریان بێت، نموونەمان زۆر زۆرە، ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی هاوچاخمان، دەبینین هەندەك ژەم و دەسەاتی پاوانخواز توانیویانە تا ئێستا دەیان ساڵ بحوکمێنن، چونکە چەکی دەستیان بریتی بووە لە سیاسەتی ئاگر و ئاسن و خونەژی و داپلۆسین و خەسپاندن و نەهێشتنی بیروڕا و ئازادییەکان. لەوانە دەتوانین نموونەی کۆریای باکوور بهێنینەوە کە یەکەم جار کیم ئیل سەنگ لە 1948 حوکمی گرتە دەست و لەوساوە تا ئێستا، ماوەی 75 ساڵ نەوە و بنەماڵەی سەنگ، لەسەر تەختی حوکمڕانین و ئێستا کیم جۆن ئونی نەوەی وی، لەسەر هەمان ڕێباز و ژەم بەو داخراوی و دواکەوتووییە بەردەوامە، هەروەها لە مێژووی هاوچاخی ئەمەدا نموونەی دیکە هەن، نموونەیەکی تر لەو وڵاتانە کووبایە، ژەمی کاسترۆ لە 1959 هاتە سەر حوکم و تا 2008 کە دەکاتە 49 ساڵ حوکمی کرد و ئێستایش هەمان حوکم و ژەم لەلایەن ڕائوولی برای کاسترۆ هەر بەردەوامە، هەرچەندە گوایە خۆی تەقاویت کردووە وەلێ هەمان حوکم و ژەمە، بە پرسی وی هیچ ناکرێت و ڕائوول هەر بە مەرجەع و ڕەمزەکی مێژوویی ئەو دادەنرێت، هەموو شت لەژێر دەستی خۆیەتی. لیبیایش بە هەمان شێوە لەلایەن قەزافییەوە ماوەی 36 ساڵ بەردەوام بوو، ژەمی

شایکانی ئیران هیروشیما و ناگازاکی بەسەر عیراق کە دواتر لایەن سەددامەوە ماوەی 35 ساڵ درێژەی هەبوو. هەموو ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە ئەمە دیکتاتۆری و داپلۆسێنەرە دژە دیموکراسییەت و سەرکوتکارانی ئازادییەکان بە تا هەتایە نامێنن، ئەوانیش ناڕۆخانیان چ زوو چ درەنگ دێ. ئەگەرچی دەسەڵات و حوکمداری خۆنکە فەرمانڕەوایان قەت پێند و وانە لە ئەزموونەکانی پێشتر وەرناگرن. زۆرداران و ئەمەکان قەت تێر پارە و ژن و دەسەڵات نابن، خوێنی گەورەشیان مانەوەی زۆردارانە و زۆبروزەنگ و پێگەیاندن و دەسەڵاتمەندی بە نەوەی دوای نەوەیانە، وەڵە هەر دواییان دێ، چ دواییەك؟ دەژن و تا هەتایە دەفن دەبن، دەژن وەك شایکانی ئیران و سەددام و قەزافی و بەشار و بەعس، ئاو ئاو دەژن و قەت نایانەوە بەر ڕەناکی. گەلان دەمێنن و چاوەنۆڕی ڕوخان و نەمانی زۆرداران و ئەمە داپلۆسێنەرکان دەکەن و منیش هەر دەمەوێ خەم فەری سیاسەتوانی بکەم، بەڵام بەختونەوچەوانم نایەنێ و فڕی ئەو شیرەم قەتوقەت لێناکەوێ، بۆیە ببوورن کە هیچی لێ نازانم و جارجار بەم وەڵنانە هەڵتان دەکەم!

عەبدولڕەحمان فەرهادی